Kurdistan.net کوردستان نێت

**Revolutionareis Union of Kurdistan**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

# ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بە تیشکی ئاگر نەورۆزیان پیرۆز کرد

به پێی هەواڵی ڕێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لەهەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستاندا بە تیشکی ئاگر و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوایەتی ئەیڕەقیب و شایی و زەماوەند، پێشوازییان لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و دەسپێکی ساڵی تازەی کوردی کردوە.

ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەل لە کاتێکدا بەو جۆرە پێشوازییان لە نەورۆز کرد کە هێزە داگیر کەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە چەن ڕۆژ پێشترەوە لەنێو شار و شارۆچکەکاندا لە هەموو چوارڕێکان دامەزرا بوون و شەقامەکان و گۆڕەپانەکانیان گرتبوو و سەرجەم هێزە داگیر کەرەکان و دام ودەزگا سیخۆرییەکانی ڕێژیم لە ئامادە باشی تەواو دا بوون.

لە **کرماشانی** هەمیشە کوردستان، لە چەن شوێنی شاردا، ئاگر کرایەوە و شایی وهەڵپەڕین ساز کرا. هێزی ئیتیزامی بە مەبەستی بڵاوە کردن بە خەڵك و کوژاندنەوەی ئاگرەکان پەلاماری ڕۆڵەکانی نەورۆزیان دا. ڕۆڵەکانی گەل بەرپەرچی پەلامارەکانیان داوەتەوە و بۆ ماوەی 3 سەعات لە نێوان گەل و داگیرکەراندا پێکدادان ڕوی داوە. هێزەکانی ڕێژیم بەردەوام تەقەی هەواییان کردوە و نزیکەی 30 کەسیان دەستگیر و ڕەوانەی زیندان کردوە.

بێجگە لەوەش " تاق وسان" و " بێستوون" و " پارکی کووهستان" بوونە میوانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و تا درەنگانی شەو بڵێسەی ئاگری نەورۆزیان لە دڵەوەدەهات.

لە **سنەی** نەورۆزی سوور، ڕۆلەکانی گەلەکەمان بە هەڵکردنی چرای ماشینەکانیان و سیگناڵ لێدان، بە کردنەوەی ئاور و لە بەر کردنی جلی کوردی لە لایەن کوڕان وکچانەوە وهەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەك نەورۆزیان پیرۆز کرد.

هەروەها، بەرزاییەکانی ئاوییەر و گەردنەی سەڵەوات ئاوا، بوونە جێ ژوانی ئەویندارانی نەورۆز و تا بەرەبەیان ئاگریان بڵێسەی دەکێشا.

لە **مەریوان**، شاری 12 سوارە، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و بە دەستەوە گرتنی ئاڵای کوردستان و کۆبوونەوە و ئاگر کردنەوە، نەورۆزی کوردستانیان پیرۆز کرد.

لە سەعات 5ی پاشنیوەڕۆوە، چوار ڕێی بایەوە و شەقامی عەبەحەبیب تا فەرمانداریی کۆن، مەکۆی ئاگر و شایی بوون. هێزی ئینتیزامی بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕێوڕەسمە پیرۆزە، بە مەبەستی بڵاو کردن بە ئەویندارانی نەورۆز و کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان پەلاماری بردەسەریان. بەڵام لەگەڵ بەپەرچی توندی ڕۆڵەکانی مەڵبەندی 12 سوارە ڕووبەڕوو بوونەوە. هێزی دوژمن بە باتۆم و تەقەی هەوایی و کەپسوولی ئاور کوژێنەوە و کوڕان و کچانی کوردیش بە دار و بەرد و لەتە خشت بەرگرییان لە خۆیان و ئاگرەکەیان کرد.

لە **پاوە**، کۆتایی شارو مووچەکانی نزیك ئاوایی " نجار" بوونە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك و هەڵکردنی ئاگری نەورۆز. هێزی ئینتیزامی ڕێژیم بە نەفەراتێکی زۆرەوە شوێنی ڕێوەڕەسمەکە گەمارۆ دەدەن و داوا لە ڕۆڵەکانی گەل دەکەن، بڵاوەی لێبکەن. لە کاتێکدا کە ژمارەیەك لە هێزەکەی ڕێژیم حەولی کوژاندنەوەی ئاگرەکەیان دەدەن، کوڕان و کچانی ئازاو بەهەست، لێیان وەدەست دێن و بە جۆری ئەفرادی دوژمن بەر هەڵمەت دەدەن کە زیاتر لە 10 کەسیان سەرو گوێ شکاو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

له **جوانڕۆ** ڕۆڵه به هەستەکانی گەلی کورد، له کاتێکدا ژمارەیەك ئاڵای کوردستانیان بە دەستەوە گرتبوو، لە سەعات 10ی بەیانییەوە تا 3ی پاشنیوەڕۆ، لە " ئایشەوڵ"، بە کردنەوەی ئاگرێکی گەورە و شایی و هەڵپەڕین نەورۆزیان پیرۆز ڕاگرت. هەروەها لە نزیك گۆڕستانی جوانڕۆ، 4 ئاگر وەك سیمبولی 4 پارچەی کوردستانی دابەشکراومان هەڵکرا. بێجگە لەوەش رۆڵەکانی جوانڕۆ بۆ پیرۆز کردنی نەورۆز، دەیان پارچە ئاڵای کوردستانیان لە دەوروبەری ئەم شوێنانە هەڵواسی: " مەیدانی بەسیج"، " خیابانی ئاموزش و پەروەرش" و " کتێبخانەی گشتی".

له **نەوسوود**، ڕێوەڕەسمی پێشوازیی لە نەورۆز لە سەر چیای " بەهرامی گوور" بەڕێوە چوو. لە کاتێکدا "شورای ئاسایشی پارێزگای کرماشان"، بە شورای شاری نەوسوودی ڕاگەیاندبوو کە بە هیچ شێوەیەك ڕێ بە بەڕێوە چوونی ڕێوەڕەسمی تایبەت بە نەورۆز نەدەن، بەڵام دانیشتوانی ئەو شارە لە نیوەڕۆوە پۆل پۆل بەرە و شوێنی دیاریکراو بەڕێکەوتن و لە سەعات 3:30 دەقیقەدا ئاگرێکی گەورە کرایەوە. پاش نیو سەعات بەڕێوەبەران و ئامادە بووانی ڕێوەڕەسمەکە بڕیاریاندا، جەژنەکەیان بەرە و ناوشار بگوێزنەوە. بۆیە قافڵەی ماشینەکانیان بەرەو ناوشار کەوتەڕێ و لە گۆڕە پانێکدا کۆبوونەوە. لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار لەو شوێنە کۆببوونەوە، یەکێ لە بەڕێوەبەرانی ڕێوە ڕەسمەکە بە ماوەی چارەگە سەعاتێك قسەی کرد. ئەو بەڕێزە لە قسەکانیدا، باسی لە نەورۆز و کورد و دەسکەوتەکانی لە باشوور کرد.

لە لایەکی دیکەوە، لە سەعات 7ی ئێوارەدا بڵێسەی ئاگر لە سەربانی زۆربەی ماڵەکانی نەوسوود " بەرز بووەوە کە دیمەنێکی هەست بزوێنی لێیدەر چوو بوو. بێجگە لەوەش، ڕۆڵە نەتەوەییەکانی "نەوسوود" لە سەر چیای " چنار" **4** ئاگری گەورەیان وەك هێمای چوار پارچەی کوردستان کردەوە کە تا بەربەیان ڕۆشن بوو.

له **بانە** لەگەڵ ئەوەدا کە نێو شار بە تەواوی میلیتاریزە کرابوو و هێزەکانی ڕێژیم ڕێگەیان نەدەدا، لە 3 کەس زیاتر پێکەوە بگەڕێن یان کۆوە بن، نەورۆز بە گەرمی پێشوازی لێکرا. هەروەها لە شەقامەکانی : "دووزین" و" بابۆز" و "ئاربابا"، ئاگری نەورۆز هەڵکرا.

لە شاری **سەقز** لە پاشنیوەڕۆوە تا درەنگانی شەو لە زۆربەی گەڕەکەکانی ئەو شارە ئاگر کرایەوە و دانیشتوانی بە دەوری ئاگرەکاندا هەڵپەڕین وخۆشییان دەربڕی. ئەو گەڕەکانەی ئاگریان لێکراوەتەوە و ڕێوەڕەسمی بە کۆمەڵی لێ بەڕێوە چووە بریتین لە: گەڕەکەکانی سیلۆ، بەربڕان، شاناز، کەریم ئاوا، نەشمیلان، جەمالاوا و شەریف ئاوا.

هەر وەها لە لووتکەی شاخەکانی "دۆزەخدەرە"و "وەنەوشەو" و "پشت مەلقەرەنی" ئاگری نەورۆزی پیرۆز تا درەنگانی شەو لە بڵێسەدا بوو.

له **بۆکان**، سەرەڕای ئەوەی بە هۆی ڕووداوەکەی چوارشەممە سووریەوە هێزەکانی ڕێژیم لە ئامادەیی تەواودا بوون و بێجگە لە هێزی ئینتیزامی، یەگانی تایبەتی ناسراو بە "دژی شۆڕش" لە نێوشار دامەزرا بوو، لە سەر هەر کۆڵانێك و لە سەر هەر شەقامێك ئاگر کرایەوە و ژمارەیەکی زۆر پیر و لاو، ژن و پیاو بە دەورییەوە بوون. هەروەها لە شاخەکانی " بەردەزەرد" و " بێژنگ بەسەر" و" بەردی زەمان" و" تەرەغە"، چوار ئاگر بە نیشانەی چوارپارچەی کوردستان کرایەوە کە تا زرینگانەوەی شەو ڕۆشن بوون.

له **مهاباد** لە گەڵ ئەوەدا کە هەمووشار بە هێزی داگیر کەر تەنرا بوو، باغی مکائیل و چوارڕای ئازادی بوونە مەکۆی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز و بەڕێوە چوونی شایی و هەڵپەڕکێ و سروودی ئەی‌ڕەقیب و تەقە کردن بە تاپڕ. هێزی ئینتیزامی چەن جارێك بە مەبەستی بڵاوە کردن بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد گەمارۆیان دان. بەڵام ئیرادەی کوردانەیان بۆ درێژەدانی جەژنەکەیان نیازی هێزەکانی دوژمنی پووچەڵ کردەوە.

لە لایەکی دیکەوە شاخەکانی " داشەمەجید" و " خەزایی" میوانداری ڕۆڵەکانی نەورۆز و ئاگری نەورۆزی بوون.

له **پیرانشار**، بێجگە لەوەی زۆربەی کۆڵانەکانی شار گڕەمشقان بوون، چەن ئاوری گەورە لە " شەهرەك " و " کۆنەخانێ " و نزیك پاسگای ژمارەی دوو کرابوونەوە.

هەروەها لە دەرەوەی شاریش، لای پاسگای ژمارە یەك و لە سەر ڕێگای " کاسوورە دێ" و " شیناوێ" ئاگری گەورە کرا بوونەوە. ڕۆڵەکانی گەل لە سەر شاخەکانی " موراد ڕەسووڵ و موراد حاسڵ" و " دەندەوەر" ئاگری گەورەیان کردبووەوە.

له نەغەدە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بە ئاگر کردنەوە و تۆقتۆقە و فیشەکە شێتە پێشوازییان لە نەورۆز کرد. لە کاتێکدا ئەوان بە شێوەی ئاسایی خەریکی ئەو ڕێوەڕەسمە بوون، ماشینێکی پۆلیسی 110 هەڵدەکوتێتە سەریان و بە تەقەی هەوایی و قۆڵبەست کردنی ژمارەیەك لاو حەولی بڵاوە پێکردنیان دەدا. ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە بەرانبەر ئەو دەسرێژییەدا بێدەنگ نابن و لێیان وە دەستدێن و بەدار و بەردەوە هەڵمەت دەبەنە سەریان و ماشینەکەیان پێبە جێدێڵن.

**سڵاو لە نەورۆز و ڕۆڵەکانی نەورۆز**
**شەکاوە بێ ئاڵای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**
**نەورۆزی** 2705

Ruk2691@yahoo.com
www.ruk2691.com